یەکێتی ئەورووپا داوای گۆڕینی دەستووری تورکیا دەکات

بەپێی راپۆرتی ساڵانەی پەرلەمانی ئەورووپا کە رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی 11-2-2010 بڵاوکرایەوە، پرۆسەی چاکسازیی سیاسی لە تورکیا پاشەکشەی کردووە دەسەڵاتدارانی تورک سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە وڵاتەکایندا هەنگاوی پۆزەتیڤیان هەڵنەهێناوەتەوە.

بە پێی راپۆرتەکە، پەرلەمانتارانی بیست و حەوت وڵاتی ئەورووپا جەخت لەسەر دووبارە بەگەڕکەوتنەوەی چالاکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (DTP) لە تورکیا دەکەنو خوازیارن کە دادگەی دەوڵەتی تورکیا پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی خۆی بکات.

پارلەمانی ئەورووپا بە گرنگییەوە ئاماژە بەئاوارەبوونی هەزاران کوردی باکووری کوردستان دەکات کە بەهۆی دروستکردنی چەندین بەنداو، ماڵو شوێنی نیشتەجێبونیان لەدەست داوەو بەناچاریەوە بەرەو شوێنی دیکە رۆیشتوون. لەپێوەند بەو کێشەیە خوازیارە توێژینەوەیەکی چڕوپڕ دەربارەی پرۆژەکانی تورکیا کە بە"گاپ" ناسراوە بکرێ.

بەهۆی پرۆژەکانی حکومەتی تورکیاوە وێڕای ئەوەی کە چەندین شوێنەواری فەرهەنگیو مێژووی وەک "حەسەن کەیف"و "عەلیانۆ" لەناوچن، هەزاران خێزانیش ئاوارەو پەڕاگەندە بوونە.

راپۆرتی ساڵانەی پەرلەمانی ئەورووپا کۆتایی هەموو ساڵێک بڵاودەکرێتەوە کە تێیدا بارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە خوازیاری ئەندامبوونن لەو یەکێتی ئەورووپا، لەبواری دیموکراسی نێوخۆیی هەڵدەسەنگێنێ و وردەکاری بە وڵاتانی ئەورووپا دەدات.

بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی پارلەمانی ئەورووپا لە کاتێکدایە کە ئەمریکا زۆر شێلگیرانە جەخت لەسەر بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی ئاکامی راپۆرتەکە وڵاتانی ئەورووپا ناچار دەبن کە رێی بەردەم گەیشتن بە یەکیتی ئەورووپا درێژتر بکەنەوە، هەر ئەوەش حکومەتی ئەنکارای هەراسان و نیگەران کردوەو واشچاوەڕوان دەکرێ کە دژ بەو راپۆرتە هەڵوێست بگرێ.

راپۆرتەکەی پەرلەمانی ئەورووپا زۆر راشکاوانە خوازیارە کە دادگەی تورکیا چاو بە کەیسی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک دا بخشێنێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە خوازیارە دەستووری تورکیا بگۆڕدرێ، چوونکە هەموو کێشەکانی ئەو وڵاتە سەرچاوەیان کە دەستوورەوە گرتووە، تەنیا بە گۆڕینی دەستووریش چارەسەر دەکرێن، بەتایبەتیش سەڵماندنی نەتەوەو کەمینەی دیکە لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیادا.

چاودێران پێیانوایە کە درەنگ یا زوو دەبێ گۆڕانکاری لە دەستووری هەمیشەیی تورکیاد بکرێ، هەرکاتێ گۆڕدراش ئیدی کوردو نەتەوەکانی دیکە دەتوانن بە مافەکانی خۆیان شاد بن و ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

سەردار زرگوێزی

هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێکرد،با دواتر هەڵمەتی پاک کردنەوە بەڕێوە بچێت!

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، مافی یاسایی هەر حزب و لایەنێکە بۆ وەدەست هێنانی زۆرینەی دەنگی هاوڵاتیان ریکلام و بانگەواز ئەنجام بدەن، هەروەک ئێستا لەهەرێمی کوردستان و عێراق ئەنجام دەدرێت. لێرەدا وەک کوردێک باس لە کوردستان دەکەم، لەگەڵ ئەوەی لەهەڵبژاردندا چەند کێشەو گرفتێک لەیەکتێنەگەیشتنێک دروست دەبێت و کەم و کوڕی هەیە، بەڵام هەڵبژاردن بەسەرکەوتوی ئەنجام دەدرێت، کەچی ئەوەی جێگەی سەرنجە شێوازی ریکلام و بانگەوازەکەیە کە ناکرێ بەشێوەی رابردوو بەردەوامبێت، ناکۆکی لەنێوان لیست و قەوارە سیاسیەکان لەسەر شەقام، دروست ببیت، یان کە دیسان جێگەی داخە ئەم کارە ئەنجام دراوە کە هەموو شوێنەکانی وەستانی پاس و ستونەکانی کارەباو دیوارەکانی سەر شەقامە گشتیەکان بەوێنەو پۆستەری جۆراوجۆرەوە داگیرکراون، کە دوای هەڵبژاردنیش لێنابێتەوەو شوێنەکەی پاک ناکرێتەوە، ئەوەتا شوێنی وێنەکانی هەڵبژاردنی رابردوو بەتەواوی پاک نەکراونەتەوەو هی تریان دێتەسەر، ئایە کی شار پێس ئەکات ؟ لەدەزگا راگەیاندنەکاندا بەردەوام ریکلام دەکرێت کەپاراستنی پاک و خاوێنی شار نیشانەی شارستانیەتی هاوڵاتیانە ئەگەرچی بەشێک لەهاوڵاتیان بەتەواوی بەم ئەرکەی خۆیان هەڵنەستاون، بەڵام زۆرینەی پاک و خاوێنی دەپارێزێت و پاشماوە فرێ ناداتە سەر شەقامەکان. حکومەت بەهەموو شێوەیەک رێنوینی هاوڵاتیان دەکات، بۆ پاک و خاوێنراگرتنی شارەکان، دە کەواتە ئێوەش ڕەچاوی پاک و خاوێن ڕاگرتنی شارەکان بکەن، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەجۆرێک ریکلام و بانگەواز بکەن کە زیانی لێنەکەوێتەوە، ئێوە کەپێکهێنەری حکومەتی داهاتوون ئەگەر گوی بەملایەنە نەدەن ئەی هاهوڵاتیەکی سادە دەبی چۆن رەفتار لەگەڵ ئەم لایەنەدا بکات.

کاندیدەکان، ئەوانەی کە دەیانەوێ لە دوارۆژدا پۆستی باڵا وەربگرن و خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەن، تکایە دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدانیش هەڵمەتی لێکردنەوەی پۆستەرو لافیتەکان بەڕێوەببەن و شارەکان پاک و خاوێن بکەنەوە، دەنا مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

کارزان شێخە

لەفێستیڤاڵی جێژنی نەتەوەکان سالح موتلەگ و زافر ئەلعانی رێ لە بەشداری تورک دەگیرێ لە هەڵبژاردن دوور دەخرێنەوە

رۆژی 12ی شوبات لیژنەی سەرپەرشتی فێستیڤاڵی نۆرنبێرگ بۆ نەتەوەکان، رێکخراوە تورکەکانیان بۆ فێستیڤاڵی West Sud Stadtی ئەمساڵ قەدەغەکرد، دواتر بۆ راگرتنی باڵانسی کێشە وروژێنەرەکان و لەژێرگوشاری دەوڵەتی تورکدا رایانگەیاند کە بەو دۆسیەدا دەچنەوە.

جێژنی هاوینەی خوارووی شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا فێستیڤاڵێکی ساڵانەیەو تایبەتە بەو رێکخراوە رەسمییە ئەڵمانی و بیانیانەی کە لەشارەکەدان و ساڵانە نزیکەی ٧٠ رێکخراوی تایبەت بە نەتەوە جیاجیاکان بەشداری تێدا دەکەن، کە رێکخراوە کوردیەکانیش دەگرێتەوە. فێستیڤاڵەکە لەلایەن بەرێوەبەرێتی کولتوری شارەوانی نۆرنبێرگەوە سەرپەرشتی دەکرێ. هەر نەتەوەیەک خواردن و کولتوری خۆی نمایش دەکات وسەبارەت بە نەتەوەکەی خۆی زانیاری بڵاودەکاتەوە مۆزیک و هونەری خۆی پێشکەش دەکات.

فێستیڤاڵەکە کەرنەڤاڵی نەتەوەکانە، هەربۆیەش شارەوانی نۆرنبێرگ بایەخی زۆری پێدەدات.

لەسەروبەندی ئامادەکاریدا بۆ خۆسازکردنی فێستیڤاڵی ساڵی 2010،رۆژی 11ی شوبات کە لەکۆی ٧٠ رێکخراو ٥٠ رێکخراو کۆبوونەوە ، سەبارەت بە خۆئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵی ساڵی رابردو گفتوگۆیان کرد، بۆ ئەوەی لەژێر رۆشنایی هەڵسەنگاندنەکەدا بەرنامەی فێستیڤاڵی داهاتوو داڕێژرێ.

لە کۆبونەوەکەدا کە(سەنتەری کوردی مۆزیک و کولتوور) و چەند رێکخراوێکی تری کوردی و چەندین نەتەوەی تری وەک چینییەکان و پاکستانی و تورک و ئەفریقی و روس و رۆمانی و عەرەب و کوردو فارس ئامادەیبوون، لیژنەی سەرپەرشتیاری سەربە شارەوانی نۆرنبێرگ رایگەیاند: رێکخراوە تورکییەکان لەبەشداریکردنی فێستیڤاڵی ئەمساڵ قەدەغەدەکرێن، لەبەر ئەوەی یەیامی فێستیڤاڵیان پێشێلکردووە کە بریتیە لە پێکەوە ژیان و رێزگرتن لە کولتوری دیتران، هەروەها ساڵی پار ئاڵای کوردستانیان سوتاندو ئاژاوەگێریان کردبوو.

بەگوێرەی زانیاریەکان تورکەکان نارەزایی خۆیان پێشانداوە، تورەبوونە و دەمەقاڵەیان لەگەڵ یەکێک لەکارمەندەکانی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەدا کردووەو بەوە تۆمەتباری کردوون کە لە نازییەکان ناپرسنەوە لەکاتێکدا کە هێرش دەکەنە سەر بێگانە و پەلاماریان دەدەن، بەڵام بەریرسە ئەڵمانیەکە پێی گوتون کە ئەوان رێ بەهیچ کەس و رێکخراوێک نادەن کە خراپەکاری بکات و فێستیڤاڵەکە تێکبدات. ئەڵمانیەکان گوتویانە ئامانجی ئێمە هاوکاری و دۆستایەتی نێوان گەل و نەتەوەکانە، ئێمە جیاوازی لە نێوان نەتەوەکاندا ناکەین، هەر رێکخراوێکیش سکاڵای لەدژدا تۆمار کرابێ لێپرسینەوەی لێ دەکرێ و رووبەرووی داادگە دەکرێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان، ئەڵمانیەکان گەواهیان بۆ سەنتەری کوردی مۆزیک و کولتور داوەو گوتویانە؛ ئەوانە بێگرفت بۆ دەرخستنی کولتوری خۆیان بەرنامەی مۆزیکیان هەیە و بیر لە پارە پەیداکردن ناکەنەوە.

جێی ئاماژەیە کە سێنتەری کوردی مۆزیک و کولتور کوردی لە شاری نۆرنبێرگ، کۆمکار و میزۆیۆتامیا وەک رێکخراوی کوردی بەشداری لە فێستیڤاڵەکەدا دەکەن.

دلاوەر عەلی

کۆمیتەی دادو لێپرسینەوە دوای پێداچوونەوە بەداوای ئەو 117 کاندیدەی کە گومانی بەعسی بوونیان لێدەکرا، بڕیاریدا کە 28 کەس لەو کاندیدانە لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن بەڵام ئەوانەی دیکە رێی خۆپاڵاوتنیان لێ بگیرێ، بەهۆیەوە هەریەکە لە سالح موتلەگ و زافر ئەلعانی بەتۆمەتی هاوسۆزی و هەبوونی پەیوەندییان بە حزبی بەعسەوە، کاندیدبوونیان رەت کراوەتەوە.

دوای رووخاندنی رژێمی سەدام و جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ریشەکێشکردنی بەعسیەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەستی پێکرد و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێندرا، بەڵام دواتر لەسەر داوا و گوشاری دەرەکی پاشەکشەی لێکراو لیژنەی ریشەکێشکردنی بەعس هەڵپەسێردرا، دواتر رێ گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر بەعسی بۆ سەرکارەکانیان درا. هەروەها لەمیانەی پرۆسەی ئاشتەواییدا ژمارەیەکی دیکە لە گەورە بەرپرسانی بەعس هاتنەوە نێو پرۆسەی سیاسی عێراق، کەچی هەندێک لە رێبەرانی لایەنە شیعیەکان زۆر بە توندی دژایەتی هێنانەوەی گەورە بەعسیەکانیان کرد، بەوهۆیەوە لیژنەی ریشەکێشکردنی بەعس بۆ کۆمیتەی دادو لێپرسینەوە گۆڕدراو دەستەڵاتی پێدرا تا لێپرسینەوە لەو کەسانەدا بکات کە تاوانیان دژ بە خەڵکی عێراق ئەنجام داوە.

کارەکانی کۆمیتەی دادو لێپرسینەوە بە دوورخستنەوەی چەند کاندیدێک کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خۆیان ناونووس کردبوو، دەستی پێکرد، بەوهۆیەشەوە هەراوهۆریایێکی گەورە بەرپا کرا، دواتر جارێکی دیکەش گوشاری دەرەکی هاتە ئاراوە، هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەو خوازیاربوون کە چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە، کار گەیشتە ئەوەی کە بەعسیەکان بۆ دوو دەستە پۆلێن بکرێن، بەعسی و سەدامی، راستیەکەشێ هەروایە ژمارەیەکی کاتی خۆی زۆر لە ئەندامانی حزبی بەعس دژی سەدام و دارودەستەکەی راوەستان و ژمارەیەک لەوانیش دووچاری کوشتن و لەسێدارەدان و زیندانی کردن بوونەوە.

دوورخستنەوەی سالح موتلەگ و زافر ئەلعانی کە وەک دوو سەرکردەی عەرەبی سوننە لەعێراق ناسراون کێشەو گرفتی دیکەی بەدواوە دێ، بۆیە زۆرێک لە چاودێران رێگرتن لەوان بە باش نابینن و پێیانوایە کە کاریگەری لەسەر داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراق دادەنێ. بەتایبەتیش کە ئێستا ئەمریکا بەنیازە هێزەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە.

سەربەست کانەبی